ئەوە ئەم ئەنجامەی تێدا پێشبینی دەکرێت:

ئا - دەوڵەتە یەکگرتووەکە تەنیا بۆی هەیە چالاکی دیپلۆماسی هەبێت.

ب- دەوڵەتی نێوەندیی بۆی هەیە پەیمانی دەوڵەت مۆربکات و دەوڵەتە ئەندامەکان و حکوومەتەکان بەرپرسیارن بەرامبەر بەو پەیمانە.

ج- دەوڵەتی نێوەندیی بۆی هەیە جاری شەڕکردن بدات و دەبێت هەموو دەوڵەتە یەکگرتووەکان بەشداری لەو شەڕەدا بکەن.

٣- بەرپرسیاریی دەوڵەتیی، دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی نێوەندیی.

٤- دەستووری دەوڵەتە یەکگرتووەکە، پێوەندیی نێوان هەرێمەکان ڕێک و پێک دەکات لەگەڵ حکوومەتە نێوەندییەکەدا.

## دەوڵەتی فێدراڵی بەدوو ڕێگە پێکدێت!

ئا - لە ئەنجامی ڕێککەوتنی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

ب - لە ئەنجامی جیابونەوەی هەرێمەکان.

١- جیابوونەوەی هەرێمەکان لە یەکگرتنەکەدا و گۆڕینی بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەئەنجامی شەڕی نێوخۆیی، یان بزوتنەوەی شۆڕشگێری.

٢- یەکگرتن بە گۆڕانی دەوڵەتەکە دێتەکایەوە و، دەوڵەتێکی ڕۆتینی پێکدێ کە هەرێمەکان تەنیا دەبنە یەکەیەکەی کارگێری و هیچ سەربەخۆییەکیان نامێنێ.

## دەستەی نێوەندیی لە دەوڵەتی فێدراڵیدا!

١- دەسەڵاتی یاسادانانی فێدرالی!

ئەم دەسەڵاتە لە دوو ئەنجومەن پێکدێت: یەکەمیان، بریتییە لە نوێنەری هەرێمەکان و، هەر یەکەیان نوێنەرێک، یان دوو نوێنەری دەبێت. بەمجۆرە یەکسانی یاسایی لەنێو ئەندامانی فێدرالییەکاندا دەچەسپێ و هەندێ دەستووری فێدرالی لەبیروباوەڕی یەکسانیی دووردەکەوێتەوە، لەنێو ئەنجومەنی فیدرالییەکەدا وەک دەستووری یەکگرتنی ئەڵمانیا لەساڵی ١٨٧١ ی زایینیی.

بەڵام ئەنجومەنی دووەم، لە تاکە هەڵدەبژێردرێت بە سیفەتی ئەوەی کە گەلی هەرێمە یەکگرتووەکانن، ئەمەش وەکو دەوڵەتی پەرلەمانی و دەوڵەتی ئاسای وەهایە و، نوێنەرانی هەرێمەگەورەکان، ژمارەیان زیاتردەبێت لە نوێنەرانی هەرێمەبچووکەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە یەکسانیی نابێت لەنێوان ئەندامانی هەرێمە یەکگرتووەکاندا. ناوی ئەم دوو ئەنجومەنەی باسمان کرد، بەپێی جیاوازی دەستووری یەکگرتنەکە دەگۆڕدرێت. هەندێ دەستوور، ئەنجومەنی هەموو گەلان ناودەبێت: (ئەنجومەنی نزم). هەندێکی دیکە پێی دەڵێت: (ئەنجومەنی نوێنەران). بەڵام ئەنجومەنی نوێنەرانی هەرێمەکان لە هەندێ دەستووردا ناوی دەنێت: (ئەنجومەنی باڵا). هەندێکی دیکە بە (ئەنجومەنی یەکگرتن)، یان (ئەنجومەنی فێدرالی) ناوی دەبات. لە هەندێ شوێنی دیکەدا ناوی دەنێن: (ئەنجومەنی پیران). ئەم دوو ئەنجومەنە هەڵدەستن بەدانانی یاسای فێدرالی کە هەموو هەرێمەکانی دەوڵەتە فێدرالییەکە بەکاری دەهێنن، هەرچەندە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە، لەنێو سنووری هەرێمێک لە هەرێمەکان بێت، وەستاوە لەسەر حکوومەتە نێوخۆییەکە.

٢- دەسەڵاتی جێبەجێکردن!

دەسەڵاتی جێبەجێکردن، پێکدێت لەسەرۆکی حکوومەت، حکوومەتی فیدرالی و سەرۆکی دەوڵەت. هەندێ جار پادشایی دەبێت، هەروەکو دەوڵەتی فیدرالی ئەڵمانیا لە ١٨٧٢ ی زایینیی کە سەرۆکەکەی شای بروسیا بوو.-

حکوومەتی فێدرال هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی بڕیاری یاسای فێدرالی بەدوو ڕێگە:

ئا - بەهۆی بەڕێوەبەرێتیی ڕاستەوخۆوە.

حکوومەتی فیدرالیی، بەڕێوەبەرێتیی تایبەت درووستدەکا لەو هەرێمانەی کە ژێردەستن و سەربەخۆ لە حکوومەتی نێوخۆیی و بەڕێوەبەرێتییەکەی.

ب - بەهۆی بەڕێوەبەرێتی ناڕاستەوخۆوە.

حکوومەتی نێوەندیی، پشت دەبەستێ بە بەڕێوەبەرێتی حکوومەتە نێوخۆییەکان لە جێبەجێکردنی یاسای فێدرالیدا.

٣- دەسەڵاتی دادوەریی فێدرالی!

ئەم دەسەڵاتە پێکدێت لە دادگەی باڵا!

دادگەی باڵا، ئەندامەکانی بە ئاگاداری دەسەڵاتی یاسادانان هەڵدەبژێردرێن. جگە لەوەی کە ئەم دادگەیە کارەکەی هەڵسەنگاندن و ئاگاداربوون لە دادگە نێوخۆییەکانە و گەلێک کاری دیکەشی هەیە، وەک:

١- نێوبژێکردنی ناکۆکیی نێوان هەرێمەکان کە بەشدارن لە حکوومەتی فێدرالیدا.

٢- نەهێشتنی ناکۆکیی نێوان هەرێمەکان و حکوومەتی نێوەندیی.

٣- چاودێری بەڕێوەچوونی دەستوور و ئەو یاسایانە دەکات کە دەستەی یاسادانانی هەرێمەکان دایدەنێن.